Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# هێزەكاني رێذيم لة بؤكان هةلَيانكوتاوةتة سةر مالَي هاولَاتيان

بـه پێـی هـەواڵی گەیشـتوو لـه شـاری بۆکانـەوه ، شـەوی چوارشـەممه ۲۰۰۵/۱/۱۸ هێزەکـانی رێـژیم لـەو شـاره هەڵیانکوتاوەتـه سـەر مـاڵی هاووڵـاتی ((کـەریم ئیسـماعیل زاده)) خاوەن ماڵ و دوو کەسـی دیکـه لـه ئەنـدامانی ئەو بنەماڵەیان دەسگیر و راپێچی زیندان کردووه.

کاربەدەستانی قەزایی رێژیم هۆکاری ئەو کردەوەیان به هەڵبەستی بوختانی بەشداری ئەو بنەماڵەیه له کڕین و فرۆشی مەوادی موخەدیر دا پاساو داوەتەوه ، له حاڵێکدا ئەو بنەماڵەیه دوورن له تێکەڵی لەگەڵ ئەو جۆره کردەوانه .

گوشاری ڕەوانی بۆ هاووڵاتیانی کورد له سەر زێدی باوو باپیرانیان لەلایەن دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیمەوه بەشێکه لەو ئازار و ئەشکەنجەیەی که ئەو رژیمه له سەر رۆڵەکانی گەلی کورد بەڕێوەی دەبا.

یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان،ئەو کردەوەیـه مـەحکووم دەکا و لـه گـەڵ بنەماڵـەی ناوبراو ، هاوخەمی دەردەبڕێ . هەر لەو کاتەشدا داوا له دانیشتوانی بەشەڕەفی شاری بۆکـان دەکـا ، لـه بەرامبـەر ئـەم غـەدر و بێدادییـەدا ، بێـدەنگ نـەبن و بـه هانـای ئـەو بنەماڵەیەوه بچن .

۲۰۰۵\۱\۲۸

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com